کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 20:22 20-12-2007

## شرۆڤەیەک... بۆ توندو تیژی دژ بە ئافرەت... ئامادەکردنی: تاڤگە ئەحمەد میرزا

توندو تیژی ئاراستەکراو دژ بەئافرەت مێژوویەکی دوورو درێژو پڕ ڕەهەند دەگرێتە خۆ... ئەمرۆکە دوای زیاتر لە حەڤدە ساڵ دەسەڵاتی کوردی و سیستمی سیاسی و کۆمەڵگەو خێزان و تاکی کورد دەناڵێنی بە دەست ئەم دیاردە تەفسیر نەکراوەو نەگەیشتنە ئەنجامێك کە چی دی کە ئەم جۆرە هەڵوێستە قابیل بە شاردنەوەو پاساونیە. کە رووبەرووی ئامارو بۆچوون و لێکۆڵینەوەکانی نێو کۆمەڵگەی کوردی دەبیەوە، زۆر ترسناك کێشەکە دەبینیتەوە.. وێڕای بوونی دەیان رێکخراوی ئافرەتان و ژنان و... دەکری بڵیین ئەم رێکخراوانە وەك یەك لە دەزگا خەم خۆرەکانی نێو کۆمەڵگە بە هێندی تواناو ئاستی خۆیان بەشێك بوونە لەخەمی ئافرەتان وکچانی کورد. ئەمان وەك بەشێك لە رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی خۆ دەنەخشێنن، لی هەندی جار کارو کاردانەوەیان زەمینەیەکی رەخساو لەبار ناهێنێتە دی بو داکۆکیکردن وبنەبرکرن و هەرهیچ نەبی کەم کردنەوەی توندو تیژی. لەماوەی رابووردوودا دەیان کۆرو سیمنارو دیداری تەلە فزیۆنی بۆ یاساناسان و ژنان و ئافرەتان و رۆژنامە نوسان و مامۆستایانی ئاینی و پارێزەران... لە بۆنەیەکدا کە رێزدار نێچیرەڤان بارزانی سەرۆکی حوکمەتی هەرێمی کوردستان ئەم باسەی ووروژاند لی هێندەی نەبرد ئەم دیاردەیە جارێکی تر پەردە پۆش کراو میدیاو رۆژنامەکان بەردیان لەسەر دانایەوە.. ئەوەی جێگەی سەرنجە لە راستیدا زۆر لەو بابەتانە بە شێوازێکی زانستیانە هەژموون و تەجروبەو یاساکانی دژ بە توندو تیژی ئافرەتان چ لە نێوەندی کۆنگرە نێو دەوڵەتیەکان چ لە کۆبوونەوەو رێکەوتنە نێو دەوڵەتیەکان زۆر تاکەم ئامازەو بەرەوی پێنەدرا ئەوانەی باسیان لەتەوری ئەم دیاردە ترسناکەی نێوکۆمەڵگەدەکرد زۆر رووکەش و بە شێواز شکڵی و دوور لە رەهەندی بابەتیانەو ئاستی چەندایەتی و چلۆنایەتی رێگە چارە بۆ بەرگرتن لەم کێشە کۆمەڵایەتیە ترسناکە نەخرایە بەر باس و لێکۆڵینەوە لە هەمووشی خەمناکتر ئەوەبوو خاوەنی مەسەلەکە کە ئافرەتان خۆیانن بە دەنگ ئەو هەڵوێستەی سەرۆکی حوکمەت وەك پێویست نەرۆشتوون، ئەوە نابێتە حجەتێکی بەهێز کە چارەسەری کێشەی کەسێك لە ناوچەیەکی بچکۆلە دا کرابی، یاخود لە خۆ گرتنی ئەو ئافرەتانە کە دووچاری توندو تیژی بوونەتەوە، چونکەبەنجی ئەمانە دەچنە قاڵبی بەنجی مەوزوعیەوە زیاتر شتەکان وەك خۆی نابینری بەڵکە زیاتر دیعایەیەکی ئیعلامییە وەك لە وەی دام و دەزگایەکی زانستیانەی خاوەن ئەزموون و کەسانی پسپۆر بێن و باس و ئامۆژگاری و جیهانی بینی خۆیان لە و بوارەدا کارا بکەن و ببنە رێچکەیەك بۆ دۆزینەوەی رێگە چارەی گونجاو چ مەعنەوی چ مادی دووری و چارەسەری گشتگیرانە بدەنە دیاردەکە. بۆیە بە داخەوە یەك لە بنەما بەهێزەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی رێکخراوەکانی ژنان و ئافرەتانە و بینینی رۆڵ وکاریگەریانە لە نێو قوڵایی ئازارو سۆزی ئافرەت و رادەی تێگەیشتنیانە لە هەر ئیلتیزام و ئەرکێك تا خۆ بە خۆ ببنە کۆڵەکەی پتەوی پێشکەوتنی شارستانیەت و پەروەردەیەکی راستەقینە بن بۆ هۆشیارکردنەوەی پیاوان و رۆشنفکریان لەوەی کە رێزو تەقدیری دوولایەنەیە و هەر ئەگەرێك بەدەر لەوە دووچاری نەهامەتی و زەلیلی دەبینەوە چ وەك ئافرەت و چ وەك پیاو باشترین نموونەش ژمارەی ئەو ئامارانەیە کە لە رۆژنامەکانا بلاودەکرێتەوە بروانن رێژەی جیابوونەوەو تەڵاق گەلی لە زیادبووندایە...

واتای زاراوەی توندو تیژی دژ بە ئافرەتان، واتە: هەر کردارێکی توند کەلەسەر بنەمای ڕەگەز، سەرهەڵبا و دەرکەوی یاخود لەوانەیە سەرهەڵباو دەرکەوی ببێتە هۆکارو تووشبوون بە ئازارێك یاخود تلانەوەودبە موعانات لەسەر رەگەزو دەروونی ئافرەت، لەوانەش هەرەشەکردن بە جیابوونەوە بۆ نموونە وەك کردارێك یاخود زۆرلێکردن یاخود بێبەشکردن و هەڵپژانی راستەوخۆ و دوورکەوتنەوە لە ئازادی و سەربەستی، بە جۆرێك رەنگدانەوەی هەبی لە ژیانی گشتی یاخود تایبەتی. هەروەك مادەی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

یەکەمی جارنامەی جیهانی بۆ بەرنگابوونەوەو دژایەتی کردنی توندو تیژی دژ بە ئافرەت کە لە کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە 20کانونی یەکەمی 1993دەرچووە. پێناسەکە سوودی لێوەرگیراوە لە و بەڵگە نامەیەی کە لە کۆنگرەی جیهانی چوارەم بۆ ژنان لە پەکین/ساڵی 1995 تیایدا هاتووە: توندوتیژی دژ بە ژنان واتە هەر توندییەك کە پەیوەندداره بە جۆری رەگەزەوە، پێشبینی ئەکری زۆرینەی کات ببێتە هۆکارێك بۆ بەئەنجام گەیاندنی زەرەرێکی جەستەیی، رەگەزی، دەروونی، یاخود موعاناتێك بۆ ئافرەتان، لەوانە هەرەشەکردن بەو کارانە، بی بەش کردن لە ئازادییەکان بە شێوازی زۆر لێکردن یاخود پیاهەڵشاخان، بە جۆرێك ئەو روووداوە لە شوێنێکی گشتیدابی یاخود لە ژیانی تایبەتیدا بی. جۆرەکانی توندوتیژی و هۆکارو بنەماکانی:

1/یەك لە بەربلاو ترین جۆرەکانی توندو تیژی برێتیە لە توندو تیژی خێزانی (لە نێو ماڵدا) کە لە نێو زۆرینەی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا زۆرتر تەشەنەی کردووە، بەپی ی پێناسەی رێکخراوی تەندروستی جیهانیلە ساڵی 2002دا، بەم جۆرە پێناسەی ئەو چەمکەی کردووە (هەر رەفتارێك کە لە دەرئەنجامی پەیوەندییەکی نزیکی و خۆشەویستیەوە دەکەوێتەوە بە هۆی زەرەرێك یاخود ئازارێك لەسەر جەستە یاخود رەگەز بۆ هەر یەك لە لاکانی ئەو پەیوەندییە. ) . شێوازەکانی توند تیژی (تەعداکردنی جەستەیی، کردارە توندو تیژە دەروونیەکان، توندو تیژی سێکسی، توندوتیژی کەلە چوارچێوەی جیاوازو جودادا رەفتاری باوك سالاری تۆقاندن و زاڵمانە وەك دوورەپەرێزی و وەلانانی کەسی هاوری. )

دیاردەی توندو تیژی خێزانی مەسەلەیەکە پێویستی زیاتری بە توێژینەوەو لێکۆڵینەوەی زانستی هەیە لەسەر هۆکارەکانی و زانینی میکانیزم و هۆکارەکان بۆ زاڵبوون بەسەریدا بەو پێیەی کە مەسئولیەتێکە تاکەکەسیە وێرای ئەوەی کە دام ودەزگاییە چ رەسمی و چ ئەهلی. بەتایبەتی دام ودەزگا ئایینییەکان لەبەر گرنگی و رۆڵ وکاریگەری ئایین بۆ بنەبڕکردن و نەمانی گومان و شوبهە هەڵپەسێراوەکان لە دەرئەنجامی تێگەیشتنی هەڵە بۆ دەقە شەرعیەکان کە پەیوەندارە بە خێزان و ئافرەتەوە. چارەسەرکردنی توندو تیژی لە چوارچێوەی سیستمی هەر دەوڵەتێك پاڵپشت دەبەستی بە پەیرەوکردنی ئەو یاسایانەی کە جی بەجی دەکری، ئەمە وێرای ئەوەی کە دەشی و دەکری سوود لە ئەزمون و کارەباش و پیادەکراوەکانی وولاتانی تر وەربگیری.

2/جوداخوازی دژ بە ئافرەت واتە دوورخستنەوەو جیاوازی و کۆتکردن لەسەر بنەمای رەگەز پەرچەکردارو ئاسەواری ئەم جودا خوازییە سرینەوەی کەسیتی ئافرەتە وەك ئەوەی ئیعتراف بەبوونی ئافرەت نەکری و بەشێوەیەکی یەکسان لەبەرابەر پیاو خۆ نەبینێتەوە بۆ گشت ئەو مافانەی کە هەیەتی وەك مرۆڤێك وێرای ئازادییە بنەرەتیەکانی لە بواری (سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، روشنبیری، مەدەنی، یاخود لە هەر بوارێکی تردا بە چاوپۆشی لەحاڵەتی خێزانی) .

3/توندو تیژی دژ بە ئافرەت وەك تاوانی جەنگ سەیر دەکری واتە توندو تیژی بەرێکراو لە چوارچێوەی ململانی ی چەکداریدا، شەرو کارە سەربازییەکانکە رووبەرووی ئافرەتان ئەبێتەوە بە شێوازی جیا جیا وەك بەکارهێنانی شێوازی جیاجیا بۆ هەتکردنی ئافرەت و زۆرەملی ی سێکسی و سکپربوونی نارەزامەندو نەزۆکی و یاخود هەر شێوازێکی دی سێکسی یاخود جەستەیی کە لە ئاست ترسناکی ئەم کارانەدا بی.

کێن ئەوانەی کە توندو تیژی لەبەرابەر ئافرەت دەنوێنن؟؟!!..

*30% ئافرەتی ئەمەریکی لەلایەن هاوسەرەکانیانەوە دووچاری توندو تیژی دەبنەوە.

*سی یەکی ئافرەتی میسری دووچاری توندو تیژی لەلایەن هاوسەرەکانیانەوەدەبنەوە.

*51%ژنانی فەرەنسی قوربانی توندو تیژین لەلایەن هاوسەرەکانیانەوە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

*6% ژنانی کەندی لەلایەن هاوسەرەکانیانەوە دووچاری توندو تیژی دەبنەوە.
*8 لە 10 ئافرەتی هیندی لەلایەن هاوسەرەکانیانەوە دووچاری توندو تیژی دەبنەوە.
*لە ئەردەن لێکۆلینەوە کراوە کە هاوسەر بە پلەی یەک پاشان باوک ئەوسا برا هۆکارن بۆ دژایەتی و بەکارهێنانی توندو تیژی.
4/توندو تیژی جەستەیی: وەك سزادان سووتان لێدان هەرەشەکردن بە چەك و تفەنگ.
5/ توندو تیژی دەروونی: بی بەشکردنی ژنان لە ئازادی و مافەکانی، بەهیلاك بردنی دەروونی، ئیستیغلال کردن و ئازاردان.
6/توندو تیژی ئابووری: قۆستنەوەی موچەی ئافرەت لەلایەن پیاوی دەسەلاًتدار یاخود هەر کەسێکی تر لە خێزاندا.
7/ڕێگەپێگرتن و هەلْکوتانەسەر ئافرەت لە ڕێگەی سێکسەوە: داگیرکرنی بەزۆرو لە ژێر هەرەشەی چەك و قۆستنەوە کچانی تەمەن کەم لە پێناو پەیداکردن و مسۆگەر کردنی بژێوی ژیانی ڕۆژانە.
کوشتنی کچانی مندالْ: ڕاستەوخۆ لە دوای لە دایك بوون بە بیانووی ئەوەی کە مێرد زیاتر هۆگری کورە وەك لەکچ بە بیانووی گرنگی پێنەدان و بەبرسی کردن.
8/کوشتن بە هۆکاری مارەیی: ئەم جۆرەش زیاتر لە خوارووی ئاسیا روو ئەدا بە هۆکاری نەبوونی توانای پیاو بۆ پێدانی ئەو برە پارەیەکە وەك قەرز وایە لە ئەستۆیدا.
9/ئازاری سێکسی وەك خەتەنەکردنی ئافرەت بە ڕێگەی توندو تیژ و برین وەك لە ئەفەریقا و ئاسیا ڕووئەدا بۆ پاراستنی کچێنی ئافرەت لە نێوان تەمەنی 4-10 سالْ بە بی بەنج و کەش و هەوایەکی پاك و لەبار.
10/کوشتن لە پێناو شەرەف: گەر ئافرەتێك کارێکی خراپی کردگەر هێرشی کرایەسەر بە هەرەشە ولێدان، لەلایەن کەس و کاریەوە دەکوژری بە بیانووی شەرەفی خێزانز
11/هاوسەرگیری پێش وەخت:شوکردن لە تەمەنی (10) سالْیدا بە جۆرێك نەبوونی زانین و زانیاری و نەزانینی بە قۆناغی منالْی و نیعمەتەکانی ئەو قۆناغە.
یەك لە هۆکارە گرنگ و بە هێزەکان بۆ زیاتر داکۆکی کردن لە ماف و ئازادییەکانی ئافرەت و ژنان هۆکاری ڕاگەیاندنە... دەسا لێبنەون دەنگتان یەك خەن... خەمتان کۆك و یەك کاروان کەن... بی دەنگی و ئازاری دەروونیتان هەرەس پی بێنن... داکۆکی بکەن لە ئازادی ڕۆژنامەگەری تا بە ماف و خۆشنوودییەکانتان بگەن....

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاًودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.